# ڕێکخراوی وادی ئەڵمانیو ناوەندی چاک پێکەوە پرۆژەی بچوک ئەنجامدەدەن





**پرۆژەی یاریگای گوندی عەسکەر :**

**ڕۆژی 14 /2008/7 بەهاوکاری وهەماهەنگی لەگەڵ لاوانی گوندی عەسکەرو هەردو ڕێکخراوی وادی ئەڵمانیو ناوەندی چاک کوردستان پێکەوە یاریگایەکیان بە ڕوبەری 60 + 70 ئەنجامدا لەدرێژەی کاری هەماهەنگی هەردو ڕێکخراوی وادی ئەڵمانیو ناوەندی چاک پرۆژەی یاریگای گوندی عەسکەر گەیشتە قۆناغی کۆتاییو چەند پرۆژەیەکی تری هەردو ڕێکخراو لەجێبەجێکردندان .**

**پاش ئەوەی تیمێکی پێنج کەسیان پێک هێنا ناوەندی چاک و ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لەبەهاری ئەمساڵدا ڕوپێویکی مەیدانی گوندە کیمیابارانکراوەکانی هەردوو پارێزگای سلێمانیو هەولێریان کرد، لەسەردانەکانیاندا بۆیان دەرکەوت ئەوگوندە کیمیابارانکروانە پێداویستیەکی زۆریان هەیە لەباری تەندروستی، بەتایبەتی چارەسەری بریندارەکانی چەکی کیمیاوی، ئاوەدانکردنەوەو خانوبەرە، ئاوو کارەباو ڕێگاو بانو هوشیاری کۆمەلایەتی..هتد ) لەم هەوڵەیاندا تیمەکە راوێژیان لەگەڵ خەڵکی ئەو گوندانەکردووەو، بریاریان لەگرنگترین پێداویستیو فریا گوزاری سەرەتایی داوە، هەرلەمیانەی ئەو چالاکیانەیاندا پرۆژەی ئاوی هەرسێ خوێندنگا (سەرەتایی، ناوەندی ، ئامادەیی) یەکانی ناحیەی بالیسانیان بەهاوکاری خوێندکارانو مۆستایان ئەنجامدابوو، ئێستاش هەردوو ڕێکخراو سەرقاڵی کردنەوەی خولێکی فێربوونی کۆمپیوتەرن لەهەردوو گوندی شێخ وەسانانو گوندی عەسکەر، بەنیازیشن سەنتەرێکی ڕۆشنبیری لەشاری هەلەبجە بکەنەوە بۆ لاوانی ئەوشارەو پێکەوە لەگەڵ لاوانی شاری هەڵەبجە بەرێوەی بەرن.**





ئامانج ئەم دورێکخراوە لەم پرۆژانە:

بە بۆچوونی کارمەندانی ئەو دورێکخراوە ئەوشاروگوندانە، بەسەختی بەرپەلامارەکانی ئەنفالو کیمیاباران کەوتوون، بەهۆیەوە شیرازەی کۆمەڵایەتیو باری تەندروستیان تێکچووە، بۆیە هەردوو رێکخراو بەشیاوی دەزانن هاوکات لەگەڵ فریا گوزاری خێرا هەوڵیش بدەن خەڵکی ئەو شارو گوندانە بگەرێنەوە سەردۆخی ئاسایی ژیانو خۆیان هاوکارو هەماهەنگ بن بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی خۆیان، لەم بارەیەوە عومەرمحەمەد لەناوەندی چاک کوردستان بەماڵپەری ناوەندی چاکی راگەیاند: ئەو فریا گوزاریانەی ئێمە پرۆژەی بچوکو یارمەتی بچوکن، بەهیچ جۆرێک بەدەستهێنانی هەموو پێداویستیەکانیان لەتوانای رێکخراوەکان دانیە، ئەوەی لەو گوندانە پێویستە خزمەتگوزاری زۆرو زەوەندە کە تەنها حکومەت دەتوانێ دەستەبەریان بکات، بەڵام لەپاڵ ئەو خزمەتگوزاریە بچوکانەدا ئێمە ئامانجمان ئەوەیە خەڵکی ئەوشوێنانە خۆیان بێنەوە سەرپێو متمانەیان بۆبگەرێتەوە، کاری ئێمە ئەوەیە خۆیان بجوڵێنینو ئێمە هاوکاریان بین، ئامانجمان ئەوەیە لەبری ئەوەی چاوەروانی رێکخراوێک، یان چاوەروانی حکومەتبن پرۆژەیەکیان بۆ ئەنجامبدات، خۆیان دەستبەکاربنو پرۆژە ئامادەبکەنو بچن داوا لەحکومەتو رێکخراوەکان بکەن کەهاوکاریان بکات، عومەر وتیشی بەشێوەیەکی رونتر بلێم مەبەستمانە خەڵکی قوربانی خۆیان رێکبخەنو چیدی وەکو قوربانی تەماشای خۆیان نەکەن، خۆیان بێنەوە ناوژیانو لەخەڵکی بەکاربەرەوە ببنە بەرهەمهێن، لەوگوندانە وزەیەکی زۆرو زەوەندی گەنج هەیە نامانەوێت چیتر چاویان لەدەستی رێکخراوەکانەوە بێتو هیچی بۆنەکرێت، ئێمە دەمانەوێت سیستمی خێرپێکردن وەکو دیاردەیەکی قێزەون تەماشابکرێت، ئیتر کەلتوری زەرنەقوتە بەم کۆمەڵگایەوە نەمێنێ کەبەداخەوە زۆر رێکخراو تائێستا ئەم شێوازی کارکردنەیان کردووە بەکلتورو چەسپاندوویانە، بۆیە زۆربەی خەڵکی ئەو گوندانە وا راهاتوون خۆیان دەستەوسان دانیشنو چاوەروانی رێکخراوێک بن تا دەرگایەکی بەزەییان لێدەکاتەوەو کارێکیان بۆدەکات بەبروای ئێمە ئەمەکارێکی خراپە.. چونکە زۆربەی رێکخراوەکانیش زیاتر چاوراویان لێدەکەن.. ئێمە دەمانەوێت گەنجەکان ئەکتیڤ ببنەوە.




گوندی عەسکەر:

ئەم گوندە لەروی ئیداریەوە سەربەناحێی ئاغجەلەرو قەزای چەمچەماڵە، لەدوای گۆپتەپە گەورەترین گوندی ناوچەی قەڵاسیوکەیە، لەرووی مێژووییەوە گوندێکی کۆنەو چەندین رۆشنبیرو سیاسەتمەدارو سەرکردەی سەربازی پێگەیاندووە، قوربانیەکی زۆری داوە لەجوڵانەوەی سیاسی کوردستاندا، هەربۆیەشە بووەتە ئامانجی کۆمەڵکوژی و رۆژی 5/3 / 1988 لەلایەن پۆلێک فرۆکەی جەنگی رژێمی بەعسەوە هاوکات لەگەڵ گوندی گۆپتەپە، دەمەو عەسرێکی درەنگ کەوتنە بەرپەلاماری چەکی کیمیاویو خەڵکێکی زۆری هەردوو گوندەکە( گۆپتەپەوعەسکەر) بوونە قوربانیو زەرەری گیانیو ماڵی زۆریان بەرکەوت، دوو رۆژ دوای ئەم بۆردومانەکیمیاویەش خەڵکەکەی کەوتنە بەر پەلامارەکانی ئەنفال و زەرەرێکی گیانیو ماڵی قورسیان بەرکەوت،بەشێوەیەک هەموو خەڵکی گوندەکە ئەنفالکران بە پیروگەنجومنداڵەوە ئەنفالکران، جگە لەچەند پیرەمێردێک کەسیان نەگەرانەوە هەتا ئێستا 188 کەسیان بێسەروشوێنن،پەلاماری ئەنفال بۆسەر ئەم گوندە بەرادەیەک ببوە ئامانجی بەعس، خودی ( نزارعبدوالكريم خەزرەجی) سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەوسا سەرپەرشتی هێرشەکانی بۆسەرئەم دووگوندە کردبوو،سەرئەنجام سوپای عێراق بەمەرامی خۆی گەیشتو لە ئەنفالی چواردا گورزی گەورەی لەم دوو گوندە وەشاند. هەموو گوندەکەی ئەنفالکردو خانووەکانیشی لەگەڵ زەوی تەختکرد، ئەمە بێجگەلەوەی 30 کەسی تریشیان ئێوارەی کیمیابارانەکە بەچەکی کیمیاوی گیانیان لەدەستدابوو، نزیکەی 60 شەهیدی سەنگەریشیان هەیە.